# کۆترەکانی مەلیك مەحمود بۆچی یاخی بون؟

نوسینی: سەلاح جەلال

کۆتر باڵندەیەکە پەیوەندی رۆحی بەمرۆڤەوە هەیە و بووە بەبەشێك لەعاتیفە، لەسەرەتای باری شارستانیەوە لەو کاتەی مرۆڤ بەرۆحی کۆتر ئاشنابووە بەهۆی سیفاتەکانی خۆیەوە بەرەمزی ئاشتی و زمانی لێکگەیشتن و ئارامی و ئاسایش و خۆشەویستی ناسراوە، جگە لەوەی رەنگی سپییە، یان خۆڵەمێشییە، جەستە و رۆحیشی بخوێنینەوە باڵندەیەکی بێ زیان و ئارامە و ئازاری بۆ مرۆڤ و گیان لەبەران نیە، رۆح سوك وخاوێن و هێمنە و دەنگی بێزارکەر و ترسناکی نیە و مەترسی لەئەندامانی جەستەیەوە دەرناکەوێت، زمانی لێك تێگەیشتنی لەنێوان مرۆڤ و باڵندەدا هەیە و بەو رۆح سوکیەیەوە لەمێژودا بەرەمزی ئاشتی و گونجاندن و تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکسانی و خۆشەویستی و تەسەوف و مەرگ و بەردەوامی و دیموکراتی ژیانیش پێناسە دەکرێت، وێنەی ژیانێك مرۆڤ هۆشیاری مەرگ ببێت و بزانێت مەرگ ئاوێنەی ژیانە و زیان بەخش نەبێت و زمانێکی رۆحی لەخۆیدا دروست بکات.
کۆتر هەلگری زۆر هێماو رەمز و دەلالەتی تر و خوێندنەوەی جیاوازە. بەپێی نەریت و باری دەرونی گەلان و زەمین جیاوازیان هەیە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لەکۆمەلگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، رەمز و هێما و نیشانەکانی پابەندی ویست و حەز و سەماکانی رۆحن، لەشتێکەوە بۆ شتێکی تر دەگۆڕدرێن.
ئەو جیاوازیانە لەشارستانیەتەکانەوە دەردەکەوێت، لەهەمو جێگەیەکی جیهاندا هەیە. لەگەڵ گۆڕینی هەمو رەمز و دەلالەتێکدا پارێزگاری لێکراوە، هەمیشە یاری رۆحیان لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە و خۆیان خستۆتە ویژدانی مرۆڤایەتیەوە.
شاری سلێمانی یەکێکە لەو پێگە شارستانیانەی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پۆلە کۆتری ئەفسوناوی چەتری عاتیفەیان بۆ کێشاوە، کەش و هەوا و باری جوگرافیای شارەکەیش هەلگری رەمز و دەلالەتی ئێستاتیکی جۆراو جۆرە و وێنەی کۆتری ئاشتی بۆ جوانی ناوچەکە دەردەکەوێت، بەپێی کەش و هەوای سازگار و هەڵکەوتەی ئیستاتیکی ئەم شارە پێدەچێت بەر لەدامەزراندنی شارستانیەت تیایدا شاری باڵندە و پەلەوەر و گیانداران بوبێت، پێگەی شارستانی و ژیان و ئاوەدانی لەبونی باڵندە و ژیانیانەوە دەردەکەوێت. فەزایەکی ئەفسانەیی سروشتی جوگرافیاکەی پۆشیوە بەپۆلی باڵندە و کۆتر و تۆڕی ئەفسانەییەوە نیشتمانی زمانی تێکەڵەوە بۆ جیهان خۆی نمایش کردووە.

ئەم دیمەنە سروشتییەی خۆی نمایش کردووە بۆ بینەران، ئەوەیش سەرنجی ئیبراهیم پاشای بابانی راکێشاوە بەهۆی پەرەسەندنی ئەمارەتەکەیەوە بۆ فراوان بونی دەسەڵات بەهۆی راو و شکارەوە فەزای سلێمانی لەلا خۆشەویست بووە، لەدوا گەشتی راوکردنیدا سولەیمان پاشای کوڕی لەپاشکۆی ئەسپەکەیەوە دابەزیوە لەکانیاوێك ئاو بخواتەوە، ئەو سروشەی بۆ هاتووە بۆ دامەزراندنی شار ئەم جوگرافیایەی دەست نیشان کردووە، هەتا ییکاتە شار و بەناوی سولەیمانی کوڕیشییەوە ناوی ناوە سولەیمانی.

سروشی دامەزراندنی ئەم شارە هەروا لەخۆوە نەهاتووە. زەمەنی رابردووە کەش و هەواو ژیان لەرێی باڵندە و گیاندارانەوە تاقی کراوەتەوە. باڵندە مەعریفەیان لەسەر ئاوەدانی و ئاو و هەوا و جوگرافیا هەیە، بومەلەرزە و زۆر روداوی ترسناك بەر لەمرۆڤ گیاندار هەستی پێدەکات. جێگەی نیشتەجێ بونیان بەباڵندە تاقی کردۆتەوە.

کۆترەکانی شار بەر لەدامەزراندنی شار زیندەوەرێکی کیوی بون و لەفەزای ئەفسوناوی جوگرافیای شارەکەدا لەسەر لق و پۆپی درەختە بەرزەکان ژیاون و دوای دامەزراندنی شاریش شاری خۆیان لەناو ئاوەدانی شارەدا دامەزراندووە، پێگەی گرنگیشیان منارەی مزگەوتی گەورە بووە، لەسەرەتاوە رەمز و بەها و دەلالەتەکانی شاریان هەلگرتووە، لەجێگەیەکدا چەقی سەرەتای شارو چەقی ناوەراستی ئێستایەتی.

بەدرێژایی دەیان ساڵ ئەم کۆترانە لەفەزای ئاسمانی مزگەوتەکەوە یاری رۆحیان دەست پێکردووە، لەمنارەیەکی بڵندەوە دالێك بون هەلگری چەندین چەمکی جۆرا وجۆر و خوێندنەوەی تر بوون، منارەکەیش جێگەیەکی گرنگی لەستراتیژیەتی جوگرافیا و فەزای شارەکەدا هەبووە، بەر لەدروستبونی باڵاخانە بەرزەکان لەهەمو لایەکی شارەوە دەبینرا و خەڵکی رەمز و دەلالەتی رۆحی و سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانیان لێ خوێندۆتەوە، شاری کۆترەکانیش نمونەی شارستانیەتێکی ئەفسانەیی بون و بونەتە زمانی وێنەیی حاڵەتە رۆحیەکان، رۆژ بەرۆژ لەگەڵ ئاڵۆزی و زیاد بونی روداوەکاندا پەرەیان سەندووە و رەمزەکانیان لەگەڵ گۆڕان و روداو و ئاڵوگۆڕ و بەرەو پێش چونی زەمەندا گۆڕدراون، سەرەتای ئەم شاری باڵندەیە سیفاتەکانی لەوەوە دێن کۆتر رەمز و دەلالەتی ئاشتییە، ئەم رەمزەش هەمیشە دەیان باتە سەر جێگەی بڵند، ئەو جێگایانەی ئاشتی تیایدا بەرجەستە دەبێت و لەدەستی مرۆڤ و درندە و مار و مێرو بەدور دەبن، دەچنە جێگەی بەرز، بەتایبەتی منارەی مزگەوتەکان لەفەزایا تێکەڵ بەسۆز و عاتیفەی مرۆڤ دەبن.

لەم شارەیشدا لەپێگەی ئاینی مزگەوتی گەورەدا پاشماوەی کۆنی بابانیەکانە، کۆترەکان زمانی وێنـەیی و جەستەییان پەرەی سەندووە و رۆح و رەمزی خۆیان تێکـەڵ بـەرەمز و رۆحـی شـارەکە کـردووە، جێگـەی بورج و مانگێکی دەستکردیان لەسەر ئاسمانی شـارەکە گرتۆتـەوە و بـون بەبەشـێك لەزامـە سـەختەکانی کـورد و لەحەوشـەی مزگەوتەکـەدا چـینەیان دەکـرد و مۆسـیقای خـوێنی زەمـەنیان دەژەنـد و وێنـەی جەستەیان لەفەزادا رەنگی ژان و زامەکانی نەتەوەیەکیان دەدایەوە.

سەمای رۆحی ئەم کۆترانە بەخەڵکی شار نامۆ نەبون، هەمو شارێك بەکۆمەڵێك تایبەتمەندی رەمزی گرنگ دەناسرێتەوە، گرنگی باری شارستانی یەکێکە لـەو کـارە جۆراوجۆرانـەی بـاپیران بەرهـەمی دەهێـنن، زۆر جار شتێك لەزەمەنێکدا بونی هەیە، لەلای نـەوەکانی تـر دەبنـە جێگـەی بایـەخ، ناسـینەوەی هـەر شـارێك بەیەکێکی تر جیاوازە، جیـاوازی لەسـیفاتی تایبەتـەوە هەیـە، لـەگرد و تەپۆڵکـە و قـەڵا و شـورا و شـاخ و باڵەخانەی بەرز و سەرنجڕاکێش و پرد و روبار و بەنداو ، هتد. بەپێی کۆمەڵگایەك بۆ یەکێکی تر جیاوازیان هەیە، ئەم شارەیش یەکێك لەجێگە و پێگە دیارەکـانی مزگـەوتی گەورەیـە و منارەکـەی رەمـزی نهێنـی و واقیعی ئاشکرای هەبووە، وەکو دالێك چەندەها مەدلولی لێخوێندراوەتـەوە، لـەناخی تـاك بـەتاکی کۆمەڵـدا پێگەیەکی ئاینی گەورە بووە و جێگـەی (حـاجی کـاك ئەحمـەدی شـێخە) وەلی و پیـاو چـاك و کەسـایەتی ئـاینی زەمـان و شـەو و رۆژی لەسـەر بـەرماڵ بەسـەر بـردووە، میللـەتی کـورد بـەپێی بینـینی کەرامـەتی ئەولیایی بڕوایان بەپلەی ئایینی هەبووە، دوای ئەوەش بو بەپێگەیەکی رۆحی نەتـەوەیی و تـاج و مـەزاری شێخ مەحمودی حەفید، سەرکردایەتی راپەڕینی گەلی کـوردی کـردووە لـەو سـەردەمەدا و تـوانی لەلایـەن دەوڵەتی بەریتانیاوە تاجی مەلیکی وەربگرێت و ببێتە مەلیك.

لەم چەمکەوە قولایی مێژوی خوێناوی شارەکە دەخوێندرێنەوە. ئەم پێگەیـە لەسـەرەتای دروسـت بونیـدا یەکـەم حکومـەتی تیـا دامـەزراوە، دروسـت بونیشـی جێگـەی دەسـتی پاشـای بابانیـەکان و شـوێنەواری ئەمارەتەکەیان بووە و دواییش بو بەپێگەی مەلیك مـەحمود و منارەکـە بۆتـە دالێك بـۆ چـەمکی ئـاینی و کۆمەلایەتی و سیاسی لەفەزای ئـەم منارەیـەوە روپـۆی شـوێن و شـارێك و نەتەوەیـەك، دەخوێندرێتـەوە، لەسەردەمی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانیشدا ئەو رەمزانە پـەرەیان سـەندووەو گـۆڕاون و زیـاتر لـەدڵ و مێشکی جەماوەردا وێنەیان گەورەو گەورەتربووە و لەدەرونی خەڵکیـدا وێنـەی حکومـەتێکی کـاتی رۆحـی بـووە.کۆمەڵگـەی کـوردی لەهـەمو لایەکـەوە هاتونەتـە نـاوی و دەردو ژان و هیـواو ئاواتـەکانیان لەسـەر هەڵڕشتووە، بۆ چارەی نەخۆشی و کێشـەکانیان سـەردانیان کـردووە و هانایـان پـێ هێنـاوە، هەرکەسـێك

سـەیری کـردووە بـەهیوای ڕەمـزی نەتـەوەیی لێـی ڕوانیـوە و هێنانـەوەی حکومەتـە ڕۆحیەکـەی شـێخ مەحمودی لەلا دروستبووە.
مزگەوتەکە ڕەنگی فەزایەکی ئەفسوناوی هەڵگرتووە، لەهەمو لایەکەوە وێنەی شێخ مەحمود باوکی ڕۆحـی نەتـەوەیی تاجەکـەی بـەو جوگرافیایـەوە پـەرەی سـەندووە و سروشـی ڕۆحـی نەتـەوەی کـورد بـووە، کۆترەکانیش وێنەی تریان لێدەردەکەوت، وێنەی سوپا ڕۆحیەکەی شێخ مـەحمود دیاریـان دەدا، لەچـرکە ترسناکەکانی نەتەوەدا شێخ بەعەقڵ و جەستەی زەمانەوە زیندو ببێتەوەو پەتی دیلێتـی و چەوسـانەوەی کورد بپچرێنێت، ئەم پێگەیە هەمیشە لەفەزا و جوگرافیایەوە لەسەرەتاوە هەتا ئێستا ڕەمزی تەخت و تاج و دەسەڵاتی نەتەوەیەکی هەڵگرتووە، ڕەمزی سوپاو بەها جوانەکانی کـورد، فـەزای تـۆڕی ئـەو ڕەمزانـەی چـونەتە نـاو مێـژووە و پاشمـاوەی بـاپیران، ڕەمـزی شۆڕشـی جوڵـەی ڕۆحـی نەتەوەیـەك، لـەیاخیبونی کۆترە کانەوە هەمیشە شانۆیەکی ئەفسـانەییان سـازاندووە، لەوێنـە کێشـان و هێنانـە پێشـەوەی زەمـەن، لەگۆڕینی ڕەمزەکان و یاخی بون و هەڵکشان بەرەو لوتکە جۆرێك لەو دەستوری ئایینی زەردەشت ڕۆژانـە ئەم کۆترانە ئەم وێنەیە دەکێشنەوەو دەیانەوێت بەهەواوە تەرمەکەیان بتوێتەوە و قـەل و داڵ جەسـتەیان بخوات، کۆشکی ساسانیەکان بۆ نەوەی نوێ دروست بکەنەوە و کتێبخانەی ئاینی زەرادەشتی بۆ نیتشەی فەیلەسوفی ئەڵمانی بکەنەوە لەچەرخی بیستەمدا، یاخود نمایشی لەخاچ دانەوەی مەسیح بکێشن و فەزای زەمەنێك ڕەنگ بکەن بەر لەمێژوی ئیسلام و دوای کزی ئایینی زەرادەشـت ئـەم جوگرافیایـەی کوردسـتان بەئاینی مەسیحی ڕەنگ بکەن، لەزەمەنە جۆراو جۆرەکاندا ئاماژە و نیشانەکان بگۆڕن و کورد ببەنەوە بـۆ زەمەنەکانی سەرەتاو ناوەڕاست و ئێستاو وێنەی کۆمپیوتەرێك مێژوی ئەم نەتەوەیە پاکژ بکەنـەوە، هـەتا لەئێستادا ڕستە فکرییەکان بەرهەم بهێننەوە، یاخود جارێکی تر دەمانخەنـەوە تـۆڕی گومـان و پرسـیار و هێڵی ئاینی ئیسلام دەکێشنەوە لەسەردەمی خەلافەتەوە هەتا ئێستا؟
ئـەم ڕەمزانـە قـوڵ دەبنـەوە، کۆترەکـان بـەزمانی فیکـری جوگرافیـای کوردسـتان بـەڕەنگی ئـەو ئاینانـە دەکێشنەوە میللەتان لەجیهاندا توانیـان فیکـری خۆیـانی پـێ دابمـەزرێنن، بـەزمانی ڕەمـز هـاوار دەکـەن: فەلسەفەش لەپاڵ ئاینەوە گەشە دەکات.
پێ دەچێت یاخیبونی کۆترەکان گۆڕینی ڕەمـزو هێماکـان بێـت و وەکـو کاراکتـەرێکی ئەفسـانەیی بەسـەر زەمەندا بخولێنەوە بەزمانێك خەسڵەتەکانی مێژومان نیشان بدەنـەوە و زمـانی وێنـەیی و دەرون و سـۆز و ئیستاتیکا بسازێنن، زمانی خۆشەویستی و بون و گەردون، وەك بورجێکی نوێ جێگەی ئامڕازی پەیوەندی تەکنەلۆژیا و دەسەڵات بگرنەوە، ببن بەهاوشانی ئەفسانەیی بورجی ئیڤڵ و بەفەزای ئاسمانەوە نەخشـەی

ئایندەی کورد بکێشن. پێدەچێت لەو یاخی بونەوە لەدەسەڵات بترسن نەخشەی تەونی ئەو دوا رۆژە تێکبدەن و وێنەی نەوەکان بشێوێنن، یاخود نهێنیەکانی نەوەی نویَ بگوێزنەوە و ببنە فەزای پەیوەندی شۆرشی نویَ و مانگرتنیان ببێتە مانای یەکگرتنەوەی کەشەی هەوری ئایندە و رۆحەکانی سەردەم لەبارانی پەڵەی هەوری نێونەتەوەییدا کۆبکەنەوە و لەهێما و دەلالەتەکانی جەستە و فەزای جێگەوە بۆ فەزای گشتی شارەکە دیاری دەدەن.

یاری و سەمای رۆژانەی ئێستایان جیاوازە ،بەرز بونەوەیان مانای مانگرتنە لەئێستاو دەیانەوێت تاجەکەی مەلیك مەحمود ببەخشنە کوردستان؟ حکومەتێکی تازە بۆ کورد دابمەزرێنن؟ بەرز دەبنەوە وەك بورجێکی نهێنی هۆشیاری و گۆڕانکاری و باری سیاسی جیهان بن، تاجەکە دەشارنەوە، بەرز دەبنەوە، نیشانی دەدەنەوە هەتا نەوەی کورد بیبینێت. نهێنی ئەم چەند ساڵەیان تەواو ئاڵۆزە، ئەو یاریە رۆحییەی جارانیان خەفەیە، رەنگی مانگرتن دەدەنەوە، وەك موروی ئاودار نوزەیەکی بەهێز بڵاو دەکەنەوە مارشی بەسەرهاتەکان دەژەنن و پۆل پۆل جیادەبنەوە و تێکەڵ دەبنەوە. لەهەمو شتێك یاخی دەبن لەهەواو بون و ژیان، وەك بورجی ئیڤیلی ئەفسانەیی دەردەکەون و یاری رۆحیان لەشارەکەدا خەفەیە و بیزار و رەخنەگرن و تاجەکەی مەلیك مەحمود دەشارنەوە و لەگەڵ جیهانی نەبینی خۆیاندا ئەفسانەی نەخشەی دوا رۆژی کوردیان هەڵگرتووە و دەیەها نیشانەی پرسیار لەشەپۆل و شەقەی باڵ و دەنگ و رەنگیان دەردەکەوێت، ئێمە و ئەوان و ئەوانی تر دەخەنە ژێر پرسیارەوە، یاخی و یاخی دەبنەوە بەهەمو پرسیارەکانیانەوە.

بەشێکی کەمی رۆژنامەی سلێمانی نویَ ژمارە/٣٤ ی یەك شەممە/١٣ی خەرمانان – ٢٧٠٢ بەرامبەر ٢٠٠٢/٨/٤ بڵاو بۆتەوە. بەشەکەی تریم دەست نەکەوتەوە. لێرەوە تەواوم کردەوە و بەبیَ مسوودە کۆنەکەو لەسەرەتاشەوە گۆڕانی ریشەییم تیا کردۆتەوە. بۆ هەمو کارێك پشت بەم چاپە دەبەسترێت.